# ئیخوان موسلمین داکۆکی لەکورد دەکات!

**ئازاد عوسمان**
azad83@maktoob.com

هەواڵێکی سەیرە کە دەیخوێنیتەوە ئیخوان موسلمین داکۆکی لەکورد دەکات. رانەهاتووین بەزانینی ئەوەی کە ئیخوان لەبەرامبەر دۆزی کورد دا جارێک راست بێتە وەلام و دانێکی خێر بەم هاودینەی دا بنێت بەڵکو بەردەوام رۆڵی ئەو نەعامەیەی بینیوە کە سەری خۆی دەخاتە ژێر گڵەوە بۆئەوەی راوچیان نەیبینن ، نەک ئەمەش بەڵکوخراپتردەکات، کاتێک کورد دوای سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر مەرگەساتە ویژدان هەژێنەکانی هەڵەبجە و ئەنفال رادەپەڕێت و بەعسی داگیرکار و جەلادی سەر جەستەی وەدەردەنێت، ئەو دێت بەیاننامەیەك بلاو دەکاتەوە و ئەو راپەڕینە بە سیناریۆیەکی ئەمریکی – ئیسرائیلی بۆدابەشکردنی عێراق وەسفدەکات، ئیدی چاوی لەوە نووقاندووە کە گەلێکی موسڵمان بەتەنیشتییەوە ئەنفالدەکرێت و دەبڕدرێت و دەکوژرێت و دەسوتێنرێت.

کاتێك لە رۆژنامەی"ئاسۆ"دا خوێندمانەوە کە لقی سوریای رێکخراوی ئیخوانموسلمین لەسەرپێشێلکاریکردن بەرامبەر بە کورد نارەزایی بەرامبەر رژێمی سوریا دەردەبڕێت، بەڕاستی سەیرمان لێهات،"دواجار ئیخوان موسلمین بۆبەرژەوەندی کورد قسەی کرد".

رام وایە قسەکردن وداکۆکیکردنی ئیخوان لەکورد لەوە نەبووە کە دوای لێکۆڵینەوە مەزڵومییەتی برا" شاخنشینەکانی " سوریایان وەبیرکەوتبێتەوە و گوێیان لە ناڵەی چەوساندنەوەیان بووبێت، بەڵکو لەوەوە بووە کە کورد کەناڵێکی باشە بۆئەوەی لێوەی بەرهەڵستی سیاسەتی حکومەتی پێبکرێت و بە هۆیەوە گوشاریان لەسەر دانرێت بە تایبەت کە کورد و دۆزەکەی چیتر قابیلی شاردنەوەنین چونکە چ لەرێگەی خەباتی چەکداری و چ لەرێگەی چالاکی سیاسییەوە کارێکیان کردووە کە بەجیهان بناسرێن بەتایبەتیش کە کوردی عێراق لەم هەڵبژاردنەی دوایی دا دووهەمین پلەی لە رێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی وەدەستخست و ئەمێستاش خاوەنی رۆڵ و پێگەی گرنگە لە عێراق دا.

هەربۆیە من لە گرنگی ئەم هەنگاوە کەم دەکەمەوە، چونکە ئیخوان و ئەم هەڵوێستانەی لە کاتێکدا بۆ کورد گرنگ بوون کە هەرچی پشتە نیبوون و ئیخوانیش ئەو کاتە لە ترۆپکی جموجۆڵ و وزەی دابوو، وەلێ کە ئێستا دێتە وەلام لەبەرامبەر ئەو ناحەقییەکانەی کەبەرامبەر کورد دەکرێت نە خاوەنی هێزێکی ئەوتۆیە و نە سەنگێکی ئەوتۆش، هەربۆیە ئەوەندەی بەباش دەزانم کە پێیان بوترێت :" تأخرتم كثيرا "